

# کوردەکان لە بەریتانیا بۆئەوەی ئیقامە وەربگرن ژنی بەریتانی دەهێنن

هێمن شوانی – بەریتانیا – تایبەت بە لڤین

● ئێستا زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا چاو بە مەسەلەی کۆچبەران و یاساکانیدا دەخشێننەوە، بەهەر شێوەیەك بووە دەیانەوێت سنورێك بۆ ئەو حاڵەتە دابنێن کە بە بڕوای هەندێك لە سیاسییەکان مەترسی لەسەر ئایندەی وڵاتەکانیان دروستدەکات.

پاش ئەوەی وڵاتی بەریتانیا دەرگای بۆ کۆچبەران کردەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئێستا ئەو وڵاتە بیر لە ڕێگەیەك دەکاتەوە بۆ ناردنەوەی بەشێکی زۆر لە پەنابەران، بەجۆرێك ئێستا بە تەواوی خەڵکەکە بێزارن لەو حاڵەتە.

زۆرێك لەو کوردانەی لە بەریتانیا دەژین ئیقامەیان وەرگرتووە و بوونەتە خاوەن بەڵگەنامەی بەریتانی، بەڵام ئەوانەی کە تا ئێستا هیچ شتێکیان بۆ نەکراوە و وەڵامەکەیان بە (نەرێیە) زۆر بێزارن لە ژیانی خۆیان و زۆرێکیان بێکاری زۆری بۆهێناون ناچار پەنا دەبەنە بەر هەندێك کاری خراپ ، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بەم دواییانە حکومەتی بەریتانی بڕیارێکی دەرکرد کە هەر پەنابەرێك کێشەیەك دروستبکات و ئەوە بسەلمێت کە خەتای ئەو بووە ئەوا بێ قەید و شەرت ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆی دەکرێتەوە.

هەرچەندە بەشێکی زۆری کوردەکانی بەریتانیا بە ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیانەوە خەریکن، بەڵام هەندێکیان پەنایان بردۆتە بەر مادەی بێهۆشکەر و کێشانی حەشیشە و تلیاك، لەوەش خراپتر لەم دواییانە لە پێناوی وەرگرتنی ئیقامە و هەندێك ئیمتیازاتی دیکەدا دەستیان داوەتە هێنانی ژنی بەریتانی، کە بەم دواییانە لەناو کوردەکاندا زۆر پەرەی سەندووە و هەندێکیشیان منداڵیان لەو خێزانانەیان هەیە، بەڵام ئەم هەنگاوە کاریگەری سلبی لەسەر دوارۆژی زۆربەیان دروستکردووە و چەندین کێشە و گرفتی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی لەسەرەتادا کوڕە کوردەکان چاوپۆشی لە تەمەن و پەیوەندی پێشینەی ئەو ئافرەتانە دەکەن، تەنها لەبەرئەوەی بە هاوڵاتییەکی بەریتانی دابنرێن و کاریان دەست بکەوێت.

لەم ساڵانەی دوایشدا ژمارەیەکی زۆر ئافرەت ڕویانکردوەتە ئەم وڵاتە بۆ کارکردن کە پێیان دەڵێین (علوج) و ئەمەش بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ئیش بۆ کوردەکان، بەڵام بەشێك لە کوردەکان پەیوەندییان لەگەڵ ئەم کچانە بەستووە و بگرە هەندێکیشیان لێ مارە کردوون و منداڵیشیان لێیان بووە، ئێستا منداڵی کوردی – ئەورووپی لەو وڵاتە زۆر زیادی کردووە، هەموو ئەمانە کۆمەڵێك دیاردەن کە ڕەنگە لە چەند ساڵی داهاتوودا کاریگەرییەکەی لەسەر کوردانی دانیشتووی بەریتانیا بە دیار بکەوێت.